# ستراتیژیی یەکگرتوو مەبدەئە نەك مۆدیل و لەڕوودامان

# یەکگرتوو لە هەڵەبجە شار ئاوەدان دەکاتەوە..



هەڵەبجەی شەهید  شارێکە تاوەکو ئێستا دەسەڵاتدارانی کورد تەنها بە دروشم و بەڵێنی ئینتیخابی کاری بۆ دەکەن..

**عیرفان ئەحمەد**
**یەکگرتوو/ هەڵەبجەی شەهید**

لە شازدەهەمین ساڵیادی ڕاگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستاندا ڕۆژنامەی یەکگرتوو لە هەڵەبجەی شەهید ڕاوبۆچونی چەند ماندوونەناسێکی وەك خەرواڕۆچکەیەك وەرگرت. سەرەتا بەرپرسی مەڵبەندی پێنج لە هەڵەبجەی شەهید (مەهدی مەحمود) ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی بەم شێوەیە دوا: "یەکگرتوو لەو ڕۆژەدا چەند ئالیەتێکی هێنایە مەیدان، نەك هەر نوێ بوو بەڵکو جێگەی سەرسوڕمانی هەندێك و گاڵتەپێکردنی هەندێکی تر بوو، چونکە توانی خەرمانێك لە زانیاری لەسەر چەمکە فیکری و سیاسی و ڕۆشنبیری و حیزبی و مەدەنییەکان بهێنێتە ئاراوە، توانی هاوچەرخانە مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکاندا بکات بەبێ تەنەزول کردن لە مەبادئو بەها باڵاکان.. ڕاستە لە بواری سیاسیدا تازە بوو، بەڵام ڕاستگۆ بوو لەگەڵ دروشمەکانیدا و ئەم کاروانەی ئەمڕۆ درێژەپێدەری دوێنێیەتی. ئەو بەیاننامەیەی لە (٦/٢/١٩٩٤)دا بڵاوی کردەوە وەك یەکەم بەیاننامەی حیزبی بوو، ئێستاش هەر ئەوە دەڵێتەوە و شتێك لە بەیاننامەکەدا نییە لێی پەشیمان بێت، وتومانە بەڵێ بۆ فرەیی.. بەڵێ بۆ پێکەوە ژیان.. بەڵێ بۆ ئازادی و دادپەروەری. لەڕووی سیاسیەوە لە ساحەی کوردستان لە هەموو بوارێکدا ئامادەیی هەبوو، بەڵام بێ تێوەگلان لە شەڕی ناوخۆ، شەڕی (کورد کوژی، براکوژی، خۆکوژی) یان هەر ناوێکی تری لێ دەنێیت، تەنانەت بە وشەیەکیش بەشدای تێیدا نەبوو، ئاسەوارە خراپەکانی هێشتا زۆری ماوە لەسەر خەڵکی، بێدەنگ بوون لێی ئەوکاتە باشە کە پەشیمانی لەدوابێت، پاشان دەبێت ئەوەی خراپکراوە چاك بکرێت، (الا الڒین تابوا و اصلحوا)، ئێستاش بارودەخەکە و ڕووداوەکان و دەرئەنجامەکانی خوازیاری ئەوەن کە هەموو لا ئەوە بڵێنەوە کە یەکگرتوو لەو کاتەدا وتویەتی و کردویەتی. ئەوەی یەکگرتوو بانگەشەی بۆ کردوە و دەیکات ستراتیژە نەك تاکتیك یان مۆدیل یان لەڕوودامان، یان ناچاری نییە، مەبدەئە، مەبدەئی وەستەیەت لە فیکر و مامەڵەدا، مێژووی ئەم چەند ساڵەی ڕابردووی شایەنی ئەو قسانە دەدات، داهاتوشی خوای گەورە گەشتر و جوانتر و پڕ لە سەروەری تری بکات".

"لە حکومەت زیاتر پڕۆژەمان بۆ هەڵەبجە ئەنجامداوە (شێخ حەسەن عەبدوڵڵا) ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی لەسەر لیستی یەکگرتوو لە بارەی ئەو خزمەتانەی پێشکەش بە دەڤەری هەڵەبجە و هەورامان و شارەزووریان کردوە دەڵێت: "لە ساڵی (٢٠٠٦-٢٠٠٩)دا چەندین پڕۆژەمان پێشکەش بە سنورەکە کردوە لەسەر بوجەی گەشەپێدانی هەرێمەکان بووە کە حکومەتی فیدراڵی دابینی کردوە، بوجەی تەواوکاری و وەبەرهێنان لەسەر حکومەتی هەرێم بووە، لەو چوار ساڵەدا (٤٤) پڕۆژەمان پێشکەش بە سنورەکە کردوە، کە بەهاکەیان دەکاتە نزیکەی (٣٠)ملیار دینار لەسەر بوجەی وەبەرهێنان و، تەواوکاریش (٣٠) پڕۆژەمان جێبەجێ کردوە کە بەهاکەی دەکاتە (٤٧)ملیار دینار، ئێستاش (٢٩) پڕۆژەمان کاری تێدا دەکرێت (واتە لە جێبەجێ کردندان) کە بەهاکایان نزیکەی (١٥)ملیار دینارە. لە سەرەتاوە بە پڕۆژەکانی ژێرخانی ئابوری دەستمان پێکرد، دواتر بۆ بواری پڕۆژەی ستراتیژی گرنگ وەك یاریگای نێودەوڵەتی هەڵەبجە. بۆ دیاریکردنی پڕۆژەکان ساڵانە لەگەڵ ڕێکخراوەکان و دەزگا حکومیەکانی ناوچەکادا کۆبوونەوە سازدەکەین، شەفافیەتیش پەیڕەو دەکەین بۆ ڕاگەیاندنەکان. بۆ (٢٠١٠)ش بوجەکەمان زیاتر لە (٧) ملیار دینارە، هەر هاوڵاتیەکی سنورەکە نزیکەی (٨٢) هەزار دیناری بەردەکەوێت، بەنیازین سی پڕۆژەی پێ جێبەجێ بکەین". لە بارەی گرنگی پڕۆژەکانەوە شێخ وتی: "دەتوانم بڵێم پڕۆژەکانی ئەنجوومەن کە من کارم بۆ کردوون و لەم چوار ساڵەدا جێبەجێ کراون، لە پڕۆژەکانی حکومەت زیاترە بەو بوجە زەبەلاحەی کە هەیەتی، بەو پێیەی سنورەکەی ئێمە بەدەستی ڕژێم وێرانکراو بوو و پڕۆژەکانی ژێرخانی ئابوری گرنگترین پڕۆژە بوون بۆ سنورەکە، کە بنەمایەکی باش بوون بۆ خزمەتگوازریەکانی تر، کۆمەڵێك پڕۆژەمان بۆ گوندەکان ئەنجامداوە کە زۆر زەروور بووە و حکومەت لای لە گوندەکان نەکردۆتەوە، ئەم پڕۆژانەش وایان کرد خەڵك هەست بە ئارامی و دڵخۆشی و گەشەپێدان بکەن، ئێمە بایەخمان بە سەرجەم بوارەکان داوە و توانیومانە بەجوانی جێدەستی خۆمان دیاری بکەین. پڕۆژەکانمان لە پڕۆژەکانی حکومەت زیاترە بەو بوجە زەبەلاحەوە کە هەیەتی".

## یەکگرتوو بووە فریادڕەسی ژنان و باری گرانی سەرشانیانی سوك کرد

هەر لە سەرەتای ڕاگەیاندنیەوە یەکگرتوو بۆچوونی ڕوونی خۆی خستە ڕوو سەبارەت بە کاری خوشکان لە سەرجەم بوارەکان و بەتایبەت بواری سیاسی. (نیگا حەمە سەعید) بەرپرسی لقی هەڵەبجەی شەهیدی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامیی کوردستان لەبارەی گرنگیی ڕاگەیاندنی یەکگرتوو لەو کاتەدا دەڵێت: "گرنگییەکی سەر ساحەی کوردستان بوو، کە ساحەی کوردستان دابەش بووبوو بەسەر دوو بەرە، بەرەی ئیسلام و بەرەی کوفردا. هاوڵاتی نەفرەتی دەکرد لەو بارودۆخەی کە هاتبوو بەسەر ناوخۆی کوردستان، کە ناسراوبوو بە (شەڕی ناوخۆ) کە هەموو تاکێکی ئەم کوردستانە پشکی هەبوو (لە ترس و دڵەڕاوکێ و نائومێدی بە ژیان) کەسانێکیش کە ئەهلی نوێژبوون، گومانیان لە موسڵمانبوونی خۆیان و دینی ئیسلام بۆ دروست بووبوو. ئەوە یەکگرتوو بوو ببووە فاکتەری ڕەوینەوەی ئەو گومانانە. وەڵامی هەموو ئەوپرسیارانەی دایەوە بە تیۆری و پراکتیکی و یەکەم توێژی زەرەرمەند لە شەڕی ناوخۆ توێژی ئافرەتان بوو کە بوو بەهۆی لەدەست دانی. (هاوسەر و جگەرگۆشەکانیان) بارێکی قورس کەوتە سەر شانیان لە ساڵانێکی قاتوقڕی و گرانی) ئەوە یەکگرتووبوو بوو بە فریادڕەسیان و بەشێ لەو بارە قورسەی سەر شانیانی سوك کرد بەبێ جیاوازی. هەر لە سەرتای ڕاگەیاندنیەوە ئیهتیماماتی تایبەت بوو، بۆ کاری خوشکان چ وەك ئامادەبوونیان لە کاری حیزبی و سیاسی هاوشانی براکانیان، چ وەك توێژێکی خاوەن قەزیە و هاندانیان لە دەرەوەی حیزب و سیاسەت. بۆ خۆ ئیعلان کردنیان وەك (ڕێکخراوەیەکی ناحکوومی ئافرەتان) بەناوی (یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامیی کوردستان) کە هەر لە سەرەتای ئیعلان کردنیەوە زۆر بە چالاکانە هاتە نێو کاری بەڕێکخراوە کارکردن. کارکردنی وەك ڕێکخراوە نەبوو بە هۆکاری ئەوەی دوورېخرێتەوە لە پێگەی حیزبی و سیاسی بۆ ئەوکاتە داهێنانێك بوو یەکگرتووکردی لەسەر ساحەی کوردستان، کە لە سەرجەم ئۆرگانەکانی حیزب خوشك ئامادەیی هەبوو، کە ئەوکاتە بە ئێستاشەوە نموونەی کەمە. لە سەرەتاوە ئاشناییکردن بە مافەکانیان و توانیان وەڵامی هەموو ئەو گومانانە بدەنەوە کە بەرامبەریان دەوترا و ئیسلامیشیان تۆمەت بار دەکرد و بە هۆکاری چەوساندنەوەی ئافرەتیان دەزانی. لە ساڵی (١٩٩٤) هەوڵێ هەبوو بۆ گۆڕانی یاسای باری کەسێتی. خوشکانی یەکگرتوو تاکە لایەنێك بوو کە زۆر بەجدی کردی بە قەزیە و بە کۆڕ و سیمینار خەڵکی لە سلبیاتی. گۆڕانە لەباری کەسێتی ئاگادار کرد. وازی نەهێنا تا وازی پێهینان. ڕۆژبەڕۆژ و ساڵ بەساڵ لەگەڵ گەورەبوونی یەکگرتوو گرنگی و پێویست بوونی یەکگرتوو زیادی کرد لای دۆست و لایەنگرانی".

## لە گەرمەی نایەکسانی و
## ناعەدالەتی و گەندەڵیدا یەکگرتوو سەری هەڵدا

مامۆستا (ئەکرەم ئەنوەر) بەرپرسی ناوەندی ڕۆشنبیری مەڵبەندی پێنج لەبارەی بایەخی یەکگرتوو لەڕووی ڕۆشنبیریەوە وتی: "یەکگرتوو هەر لە سەرەتاوە نوێبوو بۆ گۆڕەپانی کوردستان، چونکە لە گەرمەی شەڕی ناوخۆ و گرنگی خەڵکانی تر بە میلیشیا و پێشێلکردنی ئازادییەکان و یەکتر قەبوڵ نەکردن و پەیڕەونەکردنی مەدەنیەت و ڕێزنەگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و نا دادپەروەری و نایەکسانی و تەزکییەی حیزبی و گەندەڵیدا سەری هەڵدا، لەو ساتەدا یەکگرتوو وەك مەخلوقێکی نامۆ بەو بارودۆخە هاتە مەیدان، جاڕی حیزبێکی مەدەنی دا، کە باوەڕی بە پێکەوەژیانی سەرجەم چین و توێژەکان و مەزهەبەکان هەبوو، ئەندامانی لەسەر تێگەیشتن و قبوڵکردنی ڕای جیاواز پەروەردە کرد، داوای دەکرد سەرجەم هەوڵەکان بخرێنەگەڕ بۆ خزمەت بە گەل و وڵات".

## یەکگرتوو هەواڵی ڕاست و زانیاری دروستی پێشکەش بە هاوڵاتیان دەکات

هەر لە سەرەتاوە ڕاگەیاندنی یەکگرتوو لە بواری ڕاگەیاندن بێبەش نەبوو لە هەڵەبجەی شەهید لەگەڵ ئیعلانکردنی حیزبدا (دەنگی یەکگرتوو) دەستی بە پەخشی ئاسایی خۆی کرد و تیایدا چەندین کەس فێری ئەزموون وەرگرتن بوون، تاوەکو ئێستاش لە خزمەتکردن بەردەوامە. لەو بارەوە (کاروان کەریم) بەرپرسی ڕادیۆکە لە سیازدەهەمین ساڵیادی ڕادیۆدا لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی ÷دا ڕایگەیاند: "دەتوانین بڵێین دەنگی یەکگرتوو ڕادیۆی هەڵەبجەی شەهید دەنگێکی ڕەسەن و هەڵقوڵاوی ناخی جەماوەرە، کە گوزارشت لە ئاین و کلتور و بەها باڵاکانی کوردەواری دەکات، لە ڕۆژێکدا لە سایەی ئەو هەلومەرجە دژوارەی دەڤەرەکەدا کە پێیدا تێدەپەڕی کردنەوەی ڕادیۆیەکی وەك دەنگی یەکگرتوو کەلێنێکی گەورەی لە ژیانی خەڵکیدا پڕکردەوە، بۆ ئەوەی مانای ڕاستەقینە بۆ چەمکە شێوێنراوەکان بگەڕێنێتەوە، هەواڵ و زانیاری دروست و ڕۆشنبیری و بەرنامەی سوودبەخش پێشکەشی بیسەرانی بکات، کە تەنها ڕادیۆیەکە لە ناوچەکەدا بەبێ دابڕان چواردە ساڵە خزمەت بە دەڤەرەکە دەکات لە ڕێی پەخشی بەرنامەکانیەوە.

دەنگی یەکگرتوو بە هەوڵ و لێبڕانی دڵسۆزان توانی پەخشی ڕادیۆکە لە (٣٠٠) واتەوە بۆ پەخشێکی (١ کیلۆ) وات بگۆڕێت کە خۆشبەختانە سنوورێکی فراوانی ناوچەکەی گرتۆتەوە و دەگاتە بیسەرانی. دەنگی یەکگرتوولە ئێستادا (٧) کاتژمێر پەخشی خۆی دەکات لە دوو کاتی جیاوازی سەر لەبەیانیان و سەر لەئێوارانداو، خاوەنی (٢٥) بەرنامەی هەفتانە و ڕۆژانەیە، کە لە گشت بوارەکانی ژیانی وەك (سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاینی و ڕۆشنبیری و تەندروستی وەرزشی و..هتد)دا وەڵامگۆی سەرجەم پرسەکانی گوێگرانیەتی.

هەروەها دەنگی یەکگرتوو سەرەڕای گرنگیدانی بە گشت بۆنە نەتەوایەتی و ئاینی و نیشتمانیەکان و لەگەڵ هەموو ڕووداوەکاندا بەرنامەی تایبەتی پێشکەش کردووە.

لە دەنگی یەکگرتوو ڕادیۆی هەڵەبجەی شەهید ڕۆژانە (٣) گەشتی هەواڵ پێشکەش دەکرێت کە یەکێکیان بە شێوەزاری هەورامی، هەروەها هەواڵە وەرزشیەکان لەگەڵ دوو کورتەی هەواڵ و ڕۆژانەی ڕادیۆیدا کە تیایدا ئاگاداری بۆ سەرجەم فەرمانگە حکومی و ڕێکخراوەکان بەبێ بەرامبەر بڵاو دەکرێتەوە.

دەنگی یەکگرتوو وەك پردێك لەنێوان کەسە دەستپاك و هەست پاکەکاندا لە ڕێگای ئاگاداریەکانی ڕۆژانەی ڕادیۆدا دەیان پارچە ئاڵتون و بڕە پارەی دۆزراوە تەسلیم بە خاوەنەکانیان دەکاتەوە.



**فاتیمە دیشلی**

هەفتـــانە
بۆ یەکگرتوو و TODAY'S ZAMAN
دەنوسێت

## ئایا سکاڵا کردنەکەی ئەردۆگان ڕاستە؟

سەرۆك وەزیران ڕەجەب تەیب ئەردۆگان، چەندین جار ڕەخنەی ئاراستەی هەندێك لە ستون نووسەکان گرتووە لەبارەی ئەو شێوە نووسینەی لەبارەی حکومەتەکەی پارتی داد و گەشەپێدان دەینووسن، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆش ڕەخنەی ئاراستەی بەشێکیان کرد بەوەی ئەو شێوەی نووسینەی ئەوان شێوازێکی ئیستفزازکەرانەیە.

لە کاتێکدا لە یەکێك لە کۆبوونەوەکانی گروپە پارلەمانیەکەی قسەی دەکرد، ئەردۆگان بەبێ ئەوەی درێژە بەقسەکانی بدات وتی: "من داوای لێبوردن دەکەم، بەڵام هەندێك ستوننووس هەوڵ دەدەن ئیستیفزازی ئێمە بکەن، ئیستیفزازی ئێمە مەکەن، ئێمە زۆرباش دەزانین کە چی دەکەین". ئەو قسانەی ئەردۆگان لەنێو ستوننووساندا جەدەلێکی گەورەی نایەوە، هەروەها ئەو مەبەستی چی بووە لەو قسانەی کە کردوویەتی و، ئایا بەهانە بۆ ئەو قسانەی دەهێنرێتەوە.

(ئەسلی ئایدینتەشباش) لە ڕۆژنامەی میللییەت پێی وایە ڕەخنەکانی ئەردۆگان لەجێی خۆی بوون و، وتیشی زۆر ئاسانە بۆ هەندێك خەڵك کە داوای شتی قورس بکەن لە کاتێکدا ئەوان لەو شوێنە نین کە ئەو داوای ئەو شتە قورسانە بکەن (لابردنی جەنەراڵ ئیلکەر باشبوغ لە سەرۆکایەتی سوپا! لەباربردنی سوپا! نەهێڵانی خزمەتی ناچاری لە سوپا" ئەو پێی وایە ئەو داواکاریانە زۆر قورسن و، لە شوێنی بەرپرسیاریەتیە ناکرێن.

لەبارەی ئەو قسانەی ئەردۆگانەوە و ئاخۆ مەبەستی چی بووە؟ (نازلی ئیلیکاك) لە ڕۆژنامەی (سەباح) وتی کە ئەو دەتوانێت تەرکیز لەسەر هەر بابەتێك بکات چونکە ئەو ئەوە بە بەرپرسیاریەتی خۆی دەزانێت، ئەو دەڵی کە من دەزانم ئەردۆگان دەزانێت کە چی دەکات و هەنگاوەکانی بەئاگاوە دەهاوێژێت. " ئێمەی ڕۆژنامەنوسان بەردەوام دەبین لە نووسینی ئەو شتانەی کە ئێمە پێمان وایە پێویستیان پێیە و پێشنیاری خۆشمان دەکەین. ئەردۆگان دەتوانێت سودی لێ وەربگرێت هێندەی کە خۆی پێی باشە. ئەو هەروەها دەتوانێت بڵێت کە ئەو کەسانەی کە لە شوێنی بەرپرسیاریەتی نین لایان ئاسانە کە داوای شتی قورس بکەن. پێشنیار کردن بۆ حکومەت لە ڕێی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانەوە زۆر جیاوازە لەوەی لە ناو حکومەت بێت و گوێ بەو هەموو پێشنیارانە بگریت و، ڕوبەڕووی ئەو هەموو تەحەدیانە ببیتەوە" ئیلیکاك وای وت.